

# ماچ

شیعر

کاوه فاتیحی



## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ماچ
بابەت: شیعر
کاوە فاتیحی
پێداچوونەوە: ئیسماعیل ڕاجی
هەڵەبر: خالید فاتیحی
دیزانی بەرگ و ناوەوە: ئیبراهیم ساڵح
چاپی یەکەم 2020
تیراژ 500دانە



لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی ( 2526 ) ی ساڵی 2019ی پێدراوە

# پێشەکی


بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دەبوو، کە ئەم هەگبەی (ماچ)ەم بە کۆڵەوە بوو، هەر کە مژوولیو سەرقاڵیم دەرفەتیان دەدام، هەگبەم دەکردەوە بۆ ئەوەی لە میانی دەستەبەر کردنی ماچێکی ئاودارو بەچێژ لێوی وشان زێتر لە تیفتیفە بدەمو زاری پەیڤان بۆ مژین لەبارتر بکەم.

(ماچ)، هەر بە تەنێ یەکانگیر بوونو ئاوێتە بوونی لێوەکان نییە لە وەرزی چێژێکی فیزیکیداو لە سەرزەمینی ڕوودا، بەڵکو خاڵی کردنەوەی بارگەکانی ڕۆحو، کوشتنی ئەهریمەنەکانی بێ مەیلیو تاریکیشە لە چاخەکانی خاچو لە تاخەکانی خەتادا.

هەرچەندە لێرەدا، لەم نامیلکەیەدا، گرۆڤەی ئەم پەیڤە شیرینەی (ماچ) بەسەر تەواوی دەقو ناوەرۆکی ئەم بروسکە شیعرییانەدا ناچەسپێ، لێ لە دوو توێی زۆربەیاندا ناڵەی زامی تێنەگەیشتن لە تێگەو گرۆڤو بەرگرۆڤی ماچ: (ماچی یار، ماچی سروشت، ماچی نیشتمان، ماچی عیشق، ماچی ئاڤێستاو..... ) تەوەر بەست دەبێ. کە شاعیر گەرەکیەتی تیایدا بلێسەی گەرمی بۆ زمستانو، فێنکاتی بۆ قرچانو، سەمایەکی دڵکارانە بۆ پەلکو پارەکانی گەڵاڕێزانی تەمەنو،

ژینگەیەکی کەسکتر بۆ مەرامەکانی حەزو مەیلو عیشقی مەملەکەتێکی سووتماک، بگێڕێتەوە.
کاوەی فاتیحی، لەم نامیلکە شیعرییەدا، خۆی بە سەبکو شەقڵاو شێوازێکی دیاریکراوی دەربڕینی ناخی خۆی نەبەستۆتەوە، بەمەش کارێکی باشی کردووەو، بە ڕەهاکردنی خامەو هەستو نەستەکانیشی، لە ساتو ترووکەی هەڵچووندا، خۆی لە قاڵبدانو چەقبەستنو دەقبەستن تەشقبەستنو شەقڵبەستن دوور خستۆتەوەو، ڕووبەری هەڵسووڕانێکی نەخشینی لە بوارە جیاوازەکانی دەقەکاندا فەراهەم کردووە.
لە میانی ئەم چەند پەیڤانەشمدا، نامەوێ کە دەست بە سەر چێژو ڕوانینو ڕامانی خوێنەرانی ئازیزدا بگرم، لەبەر ئەوەی کە دڵنیام ئەوانیش دەکارن لەم چاخی خاچەو لەم وەرزی هەڵوەرینی ماچەو لەم تاخی خەتایەدا، سەمایەکی شۆختر لەگەڵا ناڵەو ئازارو حەزو مەیلو ویستی ئەم هەگبەی ماچەدا بکەن.
هیوای سەرکەوتنو بەردەوامیش بۆ (کاوە فاتیحی)ی هاوڕێی ئازیزم دەخوازم.

ئیسماعیل ڕاجی
2019/11/15



## چاو

به غەمزەی چاوی فەتانت، گرفتارم بەداوی تۆ
وەکو سۆفی نەزەر ناکەم، لەغەیری تۆ، بەچاوی تۆ
هەتا ماوم لە عیشقدا عیبادەت کەم لە بەرچاوت
کە چاوی تۆ لە من دیار بێ، ڕەوان بێژم لە ناوی تۆ
منی عاشق و سەرگەشتە پەناگەم چاوەکەی تۆیە
کە من دووربم لە چاوانت، دەبێ بمرم لە تاوی تۆ.

## سێبەر

چیم لێدەکەی؟
هێندە هۆگری تۆ بوومە
بۆ کوێم دەبەی
بەم چارەنووسە زۆر شوومە
سێبەرێکم بەدواتەوە
بۆ کوێ بڕۆی لە دوات دەخشێم
ئەو ساتانەی کە خۆر هەڵدێ
وەکو سایە بەدوات دەکشێم.

## زوڵم

چ زوڵمە، لێم دەکا یارم
کەمن ڕازیم بە نیو ماچێ
خودا هەڵکەی شنەی بایێ
کە ڕووی زوڵفی لەسەر لاچێ
دەریخا ڕومەتی ئاڵی
موژەی یەک یەک لە دڵ ڕاچێ
کە بایکۆتم دەکەی جار جار
پاشەکەوتت وەلا ناچێ
ئەگەر ڕۆژێ تەمەن مابێ
دەبێ بیستێنم لێت ماچێ.

## زوڵف

چییه ئەو زوڵفه تاتاره وەرەو خوێنم حەڵاڵت بێ
سەرو ماڵم نییه قوربان, بەقوربانی جەماڵت بێ
ئەمن هاتوومه بەردەرگات دڵی خۆم خسته پێناوت
وەره لوتفت هەبێ جارێ, دڵیشم تاکه ماڵت بێ
له تۆی ئازا دەکەم گەردن دەبا نەمرم بەتەنیایی
ئەگەر ڕۆژێ نەشمتوانی دڵم با لای خەیاڵت بێ
که بەد مەستی دەکەم جارجار هەتاکو تۆم لەبەرچاوبێ
که دوور بی لێم ئەمن چی بکەم دەبا حاڵم بەحاڵت بێ

## پایز

هەموو
عومرت بەبا بردم
هەڵوەری گەڵای تەمەنم
خۆت غوربەتت
بەمن ناساند
وا تاکو تەنیا و ڕەبەنم
وەک ڕەشەبای
پایزان بووی
ڕووتت کردم بەم پایزە
هەرچی گەڵای
جوانیم هەبوو
بردت کوا ئەمە جایزە
چۆن دڵت دێ
ئا بەم سەرمایە
ناوەختە
خانە خوێم بێ
سەرماو سۆڵەو

بەفرو شەختە

بۆ دەتەوێ

گەڵاکانم بوەرێنی

بۆ دەتەوێ

بە ڕیسوایی نهێنیەکان بدرکێنی

## مانگی چوارده

که ڕادەبری بەلامدا بێستە تاوێ
سەری زولفت وەلادە شەرمی ناوێ
وەرە و حاڵی دڵـــــی زارم ببینە
دڵم بۆ تۆ، ئەتۆش هەڵ بێنە چاوێ
ئەوەندە خۆت مەدە بەر ڕۆژ دەسووتێ
دوو لێو و کولمی ئاڵی تۆ بە تاوێ
کە جارێکی بە دڵ بتـــــگرمە باوەش
دەبا بمرم، لە دنیا هیـــــچم ناوێ
ئەوەندەم چەشت مەراقی دەردی دووری
سەرم قوربانـــــی ڕێتە لێرە تاوێ

## سەرێک هەڵێنە

سەرێک هەڵێنە
با خەم وەلاچێ
تاسەی دووریەکەت
دەشکێ بە ماچێ
هێندە تامەزرۆی
دیداری تۆمە
گەر جارێکی بێی
لەدڵم دەر ناچێ
پیرو پەککەوتەی
کەنەفتی تۆمە
ماچێکم دەیە
خۆ چی تێ ناچێ

## بیرەوەری

بۆنی زوڵف و هەناسەی تۆ
دەمباتەوە سەردەمانی هەرزەکاریم
بۆو ساتانەی تەنیا تۆ بووی
لە ئەندێشە و خەیاڵی پڕ لە یادگاریم
کە زیندوومە یادگارییەکان وزە بەخشن
هەزار خۆزگەم بۆ سەردەمی ئەویندارییم

بێ نەوا

سەیری حاڵی زاری منکە، ڕووت و قووت و بێ نەوام
وەک گەدامە من هەمیشە، بێ جل و بەرگ و کەوام
ئەو دڵەی تۆ ماڵی شاهە، سەف دەبن پیرو جەوان
هێندە بەخشندەی لە ئاستم، بۆ من نەک خەڵکی عەوام
من هەمیشە چاو لە ڕێمە گەر سەرێکم لێبدەی
حافیزی تۆم، چاو لە دەستم، چاوەڕێی خێرو دوعام.

## ناوی تۆ

که ناوی (تۆ)م دێته بەرگوێ
دەریای دڵم دەبێ شلوێ
ڕادەچڵەکم لەگەڵ ناوت
سەر دەبێته خاکی بەرپێ
که ناوی (تۆ)م دێته بەرگوێ
من میوانی دڵی تۆم و
تۆش له دڵم دا خانەخوێ
که ناوی (تۆ) دەبیستم من
هەموو جەستەم دەبێ بەچاو
(هەموو گیانم دەبێ به گوێ)

## مەم و زین

تۆ دەزانی من هەمیشە، وەک (مەم)ی ئەم سەردەمە
دڵ لە داخـــی خاتوو (زین)ە بۆیە وا پەژموردەمە
(بەکرەشۆفار) و زەمانەش، بۆسەیان بۆم نـــایەوە
ڕۆژی حیسابم ئەگەر هـــات، پێی دەبێژم ئەو دەمە
چوون زەمانەش بێ وەفا بوو، قەت نەبوو لاگیری من
دڵ گوشادم مانگی چواردەم ، ڕای بماڵی ئەو خەمە.

## شیفای دەرد

لە ئاو دەچێ دڵی نەرمی
نیگای جوانی پڕ لە شەرمی
زەردەخەی، هەست بزوێنە
پڕ لە تینە هەستی گەرمی.
کە داخت نا بە دڵمەوە
بەهیچ جۆرێ وەلا ناچێ
شیفای دەردی دڵم هەر تۆی
بە لوتفت پێم بدە ماچێ

## هۆگری عیشقت بووم

هێندە،
هۆگری عیشقت بووم
بەناخمدا چویتە خوارێ
دەتۆش
لوتف و کەرەمت بێ
سڵاوێ بکە تەنیا جارێ
خەمم زۆرە
خەمی تۆشم لە سەربارە
کە بەدیداری تۆشاد بم
دەبا بمرم ئەم بەهارە

## کۆچ

وات دەزانی کە جێم بێڵی
ناوی منت بیردەچێتەوە؟
وات دەزانی کە ڕۆیشتی
لە خەیاڵتا دەرمبێنی
گرێی بەختت دەکرێتەوە
نەتدەزانی وەکو کابووس
لە خەونتام لە خەیاڵتام
وەک سێبەرم لە داوێنت نابێتەوە
باش دەزانم بیرم دەکەی
وەک خۆم ئاسا
دنیام دەنێ جگە لە تۆ
دڵم بەکەس ناکرێتەوە

دووری

ئەو فیراقەت پیری کردم کۆچەکەت بۆ کوێ دەچێ
حافیزی تۆم، چاو لە دەستم ڕۆح و گیانم دەردەچێ
قەد عەرعەرەی بێ مەیلەکە دڵ لە داخت داڕزی
خەندەکەت وەک نەشتەرە دێت لە جەرگم رادەچێ
زۆر دەمێکە تیری ئەبرۆت لەت لەتی کردووە دڵم
دەردی دووریت زۆر گرانە کوا لە دڵما دەر دەچێ!!

## دڵنەوایی

دڵم بە تۆ دەکرێتەوە
تۆش چاوەکانت دامەخە
بەتۆ نەبێ بەهیچ کەسێ
دڵنەوایم نادرێتەوە
دەرگای دڵتم بۆ بکەوە
با لە وێدا جێم بێتەوە
بە ئارامی تێیدا بنووم
با خەبەرم نەبێتەوە

## سەفەر

سەفەر دەکەم
ڕەنگە دواجار نەتبینمەوە
توێشووی سەفەر
خەمێکی قورس و گرانە
گرێدراوە بە ژینمەوە
تۆش بمبەخشە
کە ڕۆژانێک پەستم کردووی
دە تۆش مەڵێ
نەمناسیوی و تۆ ڕابردووی...؟

## چاوانت

کەچاوانتم لێ دادەخەی
شادی بارگەی خۆی تێک دەنێ
لەشکری خەم بۆ سەر دڵم هەنگاو دەنێ
گوڵەندامم لە گوڵشەندا
دێت و دەڕوا خۆی ڕادەنێ
هەرنیگایەک لەتۆ وە بێ
دڵی شەیدام ڕادەچەنێ
خەندە و قاقا لەخۆت جوانە
بۆچی بمرم من بەتەنێ
کە دڵیشم بەخشی بەتۆ
دەبڕۆ ئاگرێکی پێوە نێ

## شەنگال

لەوەتەی هەن
شمشێر دەسوون
گەردنی کورد دەپەڕێنن
لەوەتەی هەن
پەیام و پەیکی خوێناوی
بە گوێچکەمان دەچرپێنن
ئەم جارەیان
لە (شەنگال) ڕا
فەتحێکی تریان کردووە
جارێکی تر
پێ پەتییەکان
مێژووی خۆیان ڕەشکردەوە

## تەنیام

تەک و تەنیام لە ژوورێکا لە گەڵ خـەم
دەکەم یادت، دەسووتێم هەر وەکو شـەم
کە دوورم لێت و ناتبینم عـــــەزیزم
چ مانێکە، بڵێم ئێستاکە من هـــــەم؟

دەرم بێنە وەرە باخـــــــەم وەلاچێ
لەگەڵ تۆ بم نە با عـــــومرم بەباچێ
دڵم بۆ تۆ وەکـــــــو دەریا بەرینە
ئەتۆش لوتفێ بفەرمـــوو بێنە ماچێ

## خەیاڵ

دەرگای دڵتم بۆ بکەوە
دنیا پێنج و دوو ڕۆژێکە
نەبا لە دووری تۆ بمرم
دە وەرەوە
نازدار حەیران
تا لە چاوما هەڵتبگرم
کە تۆم هەبێ
پاڵت دابێ بەپاڵمەوە
وەک باڵندە بە ئاسمانی
خەیاڵ دەفڕم

## پێشمەرگە

وەکو هەڵگورد چۆک دانادەم
گەر بشکەوم هەڵدەستمەوە
هێرش دەبەم هەدا نادەم
بەرەو دوژمن دەوەستمەوە
من پێشمەرگەم
زۆر رۆژی سەختم تێپەڕاند
زۆر دوژمنی دڕندەم دین
زۆر کۆت و پێوەندم پچڕاند



خەنی کردم بزەی لێوت
وردە نیگای ژێر چار شێوت
بەنازەوە مەڕوانە لێم
هەر پێم خۆشە بێنم نێوت

* * *

دڵم تەنگە لە تاوت پارە پارە
هەمیشە ڕەش دەپۆشێ تازیەبارە
ئەگەر ڕۆژێ بیکەم ماچی دوو لێوت
دەبا حاکم هەڵیدا بۆم سێدارە

ئومێد، هەرچی هەبوو دارما بەجارێ
خەزانی پایزە ڕووی کردە شارێ
بەری داری درەختم، هەڵوەریوە
سەبەبکارم ، دەبا بەردی لێ بارێ

* * *

خەزانی پایزە عومرم بە جارێ
وەراندی هەرچی پێی دابووم بەهارێ
سەیرکە ڕووت و قووت و بێ نەوامە
غەوارەم، ڕوو لە کوێ کەم نیمە چارێ

له یاد ناچی ئەبەد تا ڕۆژێ مابم
ئەگەر بمرم لەژێرجەوری خەمابم
چلۆن دەکرێ نەکەی ڕوحمێ بە حاڵم
کە تۆ شا بی، دەبێ ئەمنیش گەدابم

* * *

هەزار هێندە دڵم لانەی خەمان بێ
تیرت بۆ من کە دەرچووی ناو کەوان بێ
دەپێکێ دڵ، نیشانەی سەر کەوانت
دەبا (کاوە) ش (سیامەند)ی زەمان بێ

**لە عیشقت گەر نەسووتێم، کوا ڕەوایە؟**
**هەموو (ماچ)ێک لە لێوت وەک دەوایە**
**ئەگەر پێتخۆشە نەمرم تا بمێنم**
**ببەخشە (ماچ)، تو مەرگی من کە وایە؟**

* * *

**بە ماچێکت دەبێ سارێژی زامم**
**بڕێژە شەکری لێوت بیخە جامم**
**هەزار دەردو (بەڵا)م بێ ڕایدەماڵی**
**شیفای دەردن، لەسینەی سێوی کاڵی**

ئەو ڕۆژانەی کە تۆ ونی
تارترین ڕۆژی تەمەنن
لەشکری خەم دێنە سەر دڵ
دێن و گۆڕم هەڵدەکەنن

* * *

وەکو باران
دڵی تینووم ئاو بدەوە
وەک تیشکی خۆر
هەموو ڕۆژێکی دەرکەوە
چارەی دەردی گرانی من
بابزانن کە هەر (ئەو)ە

بەم شەوە
ئەنگوستە چاوە
(دەستی هانا بۆ کێ بەرم)
دەبێ کێ بێ
دەروازەی سینەی والاکا
ڕۆژ کەمەوە لەسەر سینەی
گەرم ونەرم

* * *

خەم ڕەوێنە، چاوشەهێنە، دڵبەرە
هێزی ئەژنۆ، لێو شیرینی شەککەرە
هێندە تامەزۆری دیدارم، پێت بگەم
مەرگی من بێ، چاوەڕێمە زوو وەرە

ئەی خودا هاتومە دەرگات تاکو دەنگم پێت بگا
من دەترسم کوردی مەزڵوم قەت بە ئاواتی نەگا
گەرچی خۆ خۆرو نەزانین دائیمە وەک کەو دەژین
ئەی دەبێ کەی بێ و خودایە, تا بە دادمان ڕابگا

* * *

سووچێک نەما بۆت نەگەڕێم
لە کوێی هەناسەی تەمەنم
پیری یەخەی پێگرتووم و
ماڵ بە کۆڵو بێ مەوتەنم

ده وەرەوە، تەنیا جارێک
دەستت لە سەر دڵم دانێ
گوێ لە ناڵەی دڵم بگرە
بە کوڵ دەگری، خوا دەیزانێ

* * *

خەمێک هاتووە یەخەی گرتووم بەرم نادا
دڵم تەنگ‌و هەراسانە، بەهیچ جۆرێ هەدا نادا
خودا کەی بێ، عیلاجم بکا حەکیمم
بە خوڕدێ هەر وەکو زێیەو بوار نادا

خودایە ئەو دڵەی من گۆمی خوێنە
بڕا جەرگم، لە تاوت مل بەکوێنە
بگە فریادو دادم، جێم مەهێڵە
وەرە جاریّ، بە تەنیا سەر هەڵێنە

* * *

هەتا هەڵدەکشیّ تەمەنم
دڵم منداڵ دەبێتەوە
گڕوگاڵم بۆ سینەتە
دە لێگەڕیّ ژیر بێتەوە

دڵ بە شەوق و زەوقی تۆیە
پێک لەسەر پێک لێ دەدا
ئافەرین ئەی ساقی مەجلیس
تەپڵی شادی لێ دەدا

* * *

بە دیار چاوەڕوانیی تۆوە
تەمەنیشم دەتوێتەوە
ترسم هەیە تا تۆ دەگەی
ناوی خۆشم بیرچێتەوە

ئاواشم کەی، وەک تیشکی خۆر
سپێدەیەک دێمەوە لات
لەگەڵ گزنگی دەم بەیان
دەبمە شەونمی سەرگۆنات
چون لە ڕوحم شیرینتری
لێم نزیکی گشت کات و سات

* * *

لە تۆ وایە ئەمن وا دیارە شێتم
بە گوفتارو بە ڕەفتارخاکی ڕێتم
هەموو عومرم خەزانە بێ دیدارت
بۆ ویساڵت هەتا هەم چاوەڕێتم

دەتکەم بەقیبلەی ئەوینم
نوێژی عەشقت بۆ دەکەم
تۆی پەرستگاو نوری چاوم
لە هەر کوێ بی ڕووت تێدەکەم

* * *

هەموو خەون و خەیاڵم هەستی تۆنە
ئەوا دەمرم، بە دەست ئەو زامە کۆنە
عەیامێکە، دڵم دەکوڵێ لە تاوت
نەهاتی تا بپرسی حاڵی چۆنە؟

بڕیارمدا خۆشم بوێی
بۆ لەمەو دوا
عاشقێکم، تکا و نزام
بەرمە لای خوا
تا بزانێ فەرهادێکی
سەرشێت هەیە
لەپێناوتدا چی دەکا

* * *

دائیم خەیاڵم دێ و دەچێ
پەروانەیەو هەرباڵ دەگرێ
بێ ئۆقرەیە، داناسەکنێ
بۆ دیدارت دێت هەڵدەفڕێ
چۆن نەتبیستووە دار کە پیربوو
زووتر لە جاران گڕ دەگرێ

وەرەو حاڵی دڵی بێزارم بپرسە
لەناڵەی دڵ، لە گریانم بترسە
دڵی شەیدام، هەتیوە بێ پەنایە
چەما پشتم لە ژێر ئەو بارە قورسە

* * *

هەر کەس بە ناهەق دڵم بشکێنێ
بە ئارەزووی خۆی من بڕەنجێنێ
کێی لە هەموو کەس، لا ئازیزترە
سرووشت هەواڵی مەرگی بۆ بێنێ

عەسەل دەتکێ لە دوو لێوی گوڵی خۆم
لە سوێیانی دەسووتێم هەر وەکو مۆم
لە ڕوخساری، ئەبەد تێر نابێ لێی دڵ
بگە فریام خودا، خۆ عابیدی تۆم

* * *

سۆفی گۆشەی خەڵوەتی تۆم
مەستی عیشق و بادەتم
عیشقی تۆ قیبلەی وەفایە
بۆیە بۆتە عادەتم

دڵ تەنگە لە تاوانت، وەکو خونچەی دەمی تۆیە
سووتانە کاری پەروانە، ڕوحم شام و شەمی تۆیە
جارێکی وەرە سوێی دڵم, زاریو شەیدایم ببینە
خەمخۆرە، خەفەتبارە ئەویش کوشتەی خەمی تۆیە

* * *

شکۆفەی کردووە خونچەی دەمی ئەو
خوناوی دەم بەیانە، بەرهەمی شەو
سەرم سوڕما، لە جوانی گوڵ لە باخا
بە دیداری خەنی بووم، من لەبەر ئەو

دیسان ژیلەمۆی عیشقێکی کۆنم
سەر لەنوێ تینی لێ هەستایەوە
لاپەڕەی مێژووی ئەویندا ریمان
لە ناو عاشقاندا دەدرەوشایەوە

* * *

کە ڕوخسارت دەبینم وەک چرایە
لە نیگادا، هەزار ڕازی تێدایە
کە ڕۆژێکی لە ئەحواڵت نەپرسم
وەکو مردووم هەناسەم لێوە نایە

سەیرکە دڵ دەسووتێ چەشنی قەقنەس
لە تۆ وایە سووتانی من ڕەوایە
چ شیرینە، کە بستێنم لە لێوت
دوو ماچی تەڕ، لە بۆ دەردم دەوایە
کە جارێکی بە دڵ بتگرمە باوەش
وەکو(خدر)م، تەمەن کۆتایی نایە

* * *

4/14
یەکڕیز نەبین
هەموو ڕۆژێکمان ئەنفالە
گشت ساتێکمان
مەرگی هەڵەبجەو شەنگالە

شار لە پێشوازی گوڵم دا
باوەشی کردۆتەوە
هێندە خۆشحاڵم بە بوونت
ناوی خۆم بیرچۆتەوە
ها دڵم کردۆتە فەڕش و
بیخەرە ژێر پێتەوە

* * *

لە ژێر پەرچەم دیارە چاوی بازی
منی کوشتوە سەیرکە مەکرو نازی
منی بێچارە وا کەوتوومە داوی
نەبووم حاڵی لە حیلەو فێڵو ڕازی
کە مەحکوومم لە ژێر سایەی برۆتدا
بە سێدارەو بە ئەمرو حوکمی قازی

**جەژنانە**

ئەو ڕۆژەی دێی
دڵ دەنێرم بۆ پێشوازیت
چیت گەرەکە بۆتی بکەم؟
گیان دەبەخشم ئەگەر ڕازیت.

❊ ❊ ❊

ئەوەندە بەرزە ئەو یارە
تەماشا چەشنی قەندیلە
نییە چارەم لە تاوانی
دڵو دینمی لەلا دیلە
ئەوەندە دڵ ڕەقە خوایە
منی کوشتوە بەیەک تیلە

دەروێشێکم لە تەکیەی تۆ
قیبلەکەم دوو چاوی تۆن
زیکرو فیکرت بوونە پیشەم
هەرچی دەیڵێم ناوی تۆن

* * *

نییە خۆشیم لە ژینا بۆیە پیرم
نەبوو شادیم، ئەبەد نایەتە بیرم
هەموو عومری جوانیم چوو بەفیرۆ
وەکو زاهید لە سووچێک گۆشەگیرم
دەسووتێم چەشنی پەروانە لە دەوری
نییە باکی بە سووتان، چوون فەقیرم

چۆن بتوانم لەبیرت کەم
ڕابردووی خۆم بیر چێتەوە
بەو خەیاڵەی تۆوە دەژیم
ئەو ساتانەم بیردێتەوە
دەڵێم خوایە بەخەونیش بێ
بۆ جاریکیش بێ بێتەوە

* * *

عەیامێکە دڵی تەنگم دەناڵێ
کزو ماتم لە تاوی ڕوو بە خاڵێ
تەمەن بۆ تۆ دەسووتێ هەر وەکو مۆم
لە من ناڕوات, ڕۆژم لێبوون بە ساڵێ

ئەی لە قیبلەی ئەو دڵەی من
کوا غەریبم  ئاشنا
ئەو نەبێ بۆچیمە ژینم
من دەبا بمرم دەنا
تاعەت و نوێژو عیبادەت
من دەکەم بۆ چاوی تۆ
تۆش بکە ڕوحمێ بەدڵما
بۆیە هێناومە پەنا

❊ ❊ ❊

بە دیدارت دەگەم ڕۆژێ ئەگەر بێی
دەگەینە یەک، ئەمن بێمو ئەتۆش بێی
نیەت، باشە لە دڵدا گەر بڵێی دێم
فەرامۆشی نەکەی واچاکە هەر بێی

چ شیرینە، دوو لێوو کوڵمی ئاڵی
خەیاڵم دەمفڕێنیّو دێتە ماڵی
لە جوانیتدا نییە وێنەت بە دینم
دەبەم کڕنۆش لەبەرجوانی جەماڵی

* * *

لێوت بنێ بە لێومەوە
دەبا گیانو ڕوحم دەرچێ
خۆشم دەوێی بۆ هەمیشە
نەکەی هەرگیز لە یادت چێ

لە ناو عیشقی مەجازیدا، دەسووتێ دڵ لە تاوانی
سووتانم چەشنی پەروانە، گڕی گرتووە بە پەنهانی
دەمێکە دەردی بێ تۆیی، هەناسە ساردی کردوومە
ڕەشە بەختم، سیا چارەم، هەتا کەنگێ چاوەڕوانی.

* * *

ناسکتری لە پەڕەی گوڵ
شیرینتری لە هەناسەم
ئەی ئاواتی چەندین ساڵە
بە دیدارت دەشکێ تاسەم

هەزار هێندە دەروونم پڕ ژوار بێ
دەبێ سارێژ، ئەگەر چاوم لە یاربێ
هەموو ڕۆژێ، لەگەڵ تۆدا وەکو شام
دەبا کوێربێ ڕەقیبم، هەر نەیار بێ

* * *

نەهاتی چاوەڕێ بووم هێندە گریام
سەیر بووچۆن نەمردم ،چۆن بوو هەرمام
گەلێکم چەشت لەتاوی دەردی دووری
قەدی (ئەلف)م چەماوە هەر وەکو (لام)

که تۆم نەبی
سەری خۆم بۆ کوێ هەڵگرم
کۆچو بارم بۆ کوێ تێکنێم
که باوەشی گەرمت نەبێ
وەک شێتانم بێ لانەو جێم
بۆ وەی بگەم بەدیدارت
گیانیش دانێم دەبێ هەر بێم

* * *

منی بێ حاڵ و عەوداڵیش
دەکێشم دەردی جودایی
نەما هێزم، نەما هۆشم
لەدەست ئازاری تەنیایی
کەساسو وشکو بێ زەوقم
له نێو بازاڕی ڕیسوایی
وەره جارێ دەرم بێنه
وەک و(یوسف) له قوڵایی.

هەر کاتێ دێی
خەم نازانێ ڕوو لەکوێ کا
شادی دڵم دادەپۆشێ
گوڵی هیوام چرۆ دەکا
هەرکاتێ دێی
ڕۆحم دەکەم بە فەرشی سوور
بۆ پێشوازی ئازیزێکی
ماندووی ڕێی دوور.

* * *

وەکو قومری، لە غەیری ناڵە نیمە
دڵم تەنگە لە تاوت، خوا عەلیمە
کە جارێکی لە ئەحواڵم بپرسی
شیفایە بۆم، لە زارت دوو کەلیمە.

شەوی ئەنگوستە چاوەو ڕێگە سەختە
نیگات گەر بێ، ڕوناکە و ڕێگە تەختە
دڵم گەرمە بە چەشنی هاوینی پار
دڵی تۆش چەشنی زستان، بۆتە شەختە.

* * *

ماوەیەکە گرینۆک بووم
ترسم هەیە لە عاشق بوون
هەر فرمێسکە و چیرۆکێکە
ئەوانیشم لێ یاخی بوون
قوڵپی گریان وەک هەمیشە
بەردەوامە لە هاتوو چوون
پێم دەبەخشن سووکنایی دڵ
خەم ڕەوێنن فرمێسکی ڕوون.

چارە ڕەش بوومە لە تاوی
کۆچی سووری دولبەرم
ئاوەدانیم بۆتە زیندان
ئاشقی دەشتو دەرم
هەر بە هەویای نازەنینم
بێت تیمارکا کەسەرم
ئەو تەبیبی زامی سەختە
بچم و هانای بۆ بەرم.

* * *

دڵم تەنگە و بە ئازارە لە تاوت
دەگێڕێ شین لە کەم لوتفی بە چاوت
بزانە دەردی بێ تۆیی چ سەختە
وەکو مردووم لە تاوانت بە ناوت

چاو لە ڕێمە، دەڵێن دێیتو (نەهاتی)
لەمن ڕوویدا، جەفاو دەردی (نەهاتی)
ب(هات) بایتا نە( هاتی)، من دەچووم زوو
دە زوو هاتبای، لەبەرچی بوو (نەهاتی)؟

* * *

هێندە ناسک بووە دڵم
بە هەناسەش هەڵدەوەرێ
بە خۆم نییە بیرت دەکەم
ڕۆحم لە دەورت دەگەڕێ.

گەلێکی چەشتووە پێم دەردی دووری
بە دیدارت نەبێ نایەت سەبـــووری
چیە سوودو ژیان و مـــــردنی من
کە من بمرم لە داخی کۆچی سوری.

* * *

دڵ بە (داو) ی زوڵفی تۆیە
بۆیە وا پەژموردەیە
گوێت لە ناڵەی ئەو دڵەم بێ
شین دەگێڕێ وەک ( نە) یە

شا پەری خەون و خەیاڵم
ئەی پەپولەی دەوری شەم
من دەسووتام چەشنی قەقنەس
کارو پیشەم بۆتە خەم.

* * *

ئەگەر هاتی
ئاوێ بکە بە هەناوی گڕ گرتووما
مەیلی زستانت وەلا نێ
دەست مەنێ هەرگیز بە ڕووما
سەدجار دەڵێم
خۆزگە منیش شانەیەک بام
لەناو زوڵفانتدا بووما.

کەسێ نەیدیوە حاڵی من، بپرسێ بۆ پەرێشانی
کە ڕۆیشتو منی جێهێشت، نەخۆش کەوتم لە تاوانی
لە من وابوو بۆ ساتێکیش، ئەبەد ناکا خەیاڵێکیش
کە هەڵهات، مانگی چواردەی من هەڵاتو سەری هەڵهانی

* * *

کەزی و بسکی سپیت شاهیدی تۆنە
وەفاو عەهدیش لە من دیارە کە چۆنە
هەتا ماوم، قەرزدارم لە عەهدت
دڵ و ڕۆحم، وەرە پێشکەش بە تۆنە

مانگی چواردەی من سەریدا،
هاتە دەرێ لەو تەمە
بوومەتە (وەلی) لەتاوی،
ئەویش بۆ من وەک (شەم)ە.

* * *

دڵم تەنگ و خەفەتباری دیدارە
سەرێک بێنە، سەیرکە ئەم هەوارە
بە دیدارت خەزەڵوەر جێدەهێڵم
گوڵانن، خاکەلێوەن، ئەم بەهارە

چ ڕۆژێکی شوومە، ئەمڕۆ لە ژینم
ئەمن مردبام، نەوەک مەرگت ببینم
قەڵای هیواو ئومێدم تازە ڕووخا
لە تاوانت هەمیشە دڵ خەمینم

* * *

خرینگەی بازنەکەی نایە
ڕاچڵەکێنێ دڵی تەنگم
بەدیداری تۆ سەرمەستم
مانگی چواردەی شۆخ و شەنگم.

دەمێکە کەڵکەڵەی عیشقت لە دڵما
زەمستانم بڵێسەی دێ لە گەرما
سەیرکە مانگی چواردە، هاتە سەرکەل
ڕەواندی خەم، ڕوواندی گوڵ لە دڵما

* * *

دڵم تەنگە و بە ئازارە لە تاوت
دەگێڕێ شین لە کەم لوتفی بە چاوت
بزانە دەردی بێ تۆیی چ سەختە
دەبا بمرێ لەتاوت شۆڕە لاوت

نیوەی تەمەنم بۆ تۆ بوو
هێندەم کێشا چاوەڕوانی
بەدیار دیداری تۆوە چووم
تەمەن ڕۆیی هەر نەمزانی
ئێستاش کە سەرت لێداوم
هەر خانەخوێی نەک میوانی
.

* * *

من و ساقی و جامی بادە هاودەمین
دادەنیشین ، دڵ بە ژان و پڕ خەمین
هەر دەنۆشم تا بە مەستی پێت بگەم
چون هەمیشە، لێو بەبارو ماتەمین.

بوومە دەروێشی تەریقەت
خانەقایە بۆتە جێم
زیکرو فیکرم بوونە خولیات
تا نەمردوم بێیە سوێم
وا لەگەڵتا ئاشنا بووم
من لە دڵتا خانەخوێم

* * *

نە (چاو) خەوی بەلادا دێ
نە میوانی (دڵ) یش دیارە
وەرە سەیری کووچە و کۆڵان
گەلێ بێ نازە ئەم شارە

سەبری ئەیوبم نیشاندا، ئاخیری دەرکەوتەوە
ئاو لە چاوانم وشک بوو، هاتەوە بەم ڕەوتەوە
هێندە چاوەڕوانی تۆبووم, نەمدەزانی چۆن بژیم
مانگی ڕوناکی شەوی من، وا لە تەم دەرکەوتەوە

* * *

دڵی بردم بە یەک زەردە
پەرێشانم لە ( تاوان)ی
بە هەق عاشق کوژە یارم
وەها دیارە لە چاوانی.

برِستی لێ بڕیم دەردو جەفاکەت
تەمەن ڕۆیی ئەمن نەمدی وەفاکەت
دڵم پێخوستی جێژوانی ئەوین بوو
فیغانم کرد لەبەر مەرگی براکەت
ئەوەندە دڵ ڕەق و بێ دینە یارم
دەکا نازان لەبەر جوانی و نەزاکەت.

* * *

من دەبێ تاکەی لە دووریت
هەڵبرِێژم ئەشکی سوور
ئاو لە چاوانم بەخوڕ دێ
چیتر هەڵناکەم لە دوور

که تۆ ونی، خەیاڵیشم پەرت‌و پەشێو
وشک‌و بێ زەوق، بزەم نایاتە سەرلێو
لەژێر حوکمی دوو ئەبرۆتدا ببینە
تەمەن تواوە وەکو بورکانی سەرکێو.

* * *

چەند دڵم تەنگە، هیچ ئارام ناگرێ
خەیاڵم بۆ لات دێت‌و هەڵدەفڕێ
لە دەوری باڵات وەک شەم دەسووتێ
بێ قەرارە دڵ، وەختە گڕ دەگرێ.

تافی لاوی من بەسەرچوو
ئەی عەجەب بێ چارە خۆم
مەسکەنی من دەشتو سەحران
ماڵ بەکۆڵ و ڕەنجەڕۆم
کاری من گریانو شینە
سێ جەمە هەر خەم دەخۆم.

* * *

لەوەتەی هەم
تۆ هەنسک و هەناسەمی
لەناو نەخشەی بێ وڵاتیی
تۆ نیشان و پێناسەمی.

لەم تەمەنە بەهەدەرەم
دەبێ چی لێ بچنمەوە
یادەوەری ڕۆژانی زووت
بەم عیشقەوە دەم بەستنەوە

* * *

لە حەپسی ئینـفرادە دڵ، پەشێـوە
لە تەمموزدا، لە من باری کـــڕێوە
نەپرسینت لە من حوکمێکی سەختە
بپرسە لێـم، دەنا دەمـرم لە جێوە.

دڵی پەروانە بێ ئارام و قەرارە
لە ڕوخسارم پەرێشانیم دیارە
کە گوێ بگری لە ناڵەی ئەودڵەی من
دەزانی چەندە چۆڵە ئەم هەوارە

* * *

گەرچی ڕۆیی، هەردەمێنێ، وێنەکەتو ناوەکەت
چۆنی دەرکەم وا لەدڵما، عیشقو جوانی چاوەکەت
من بەدڵ سافیو نەزانیم، بۆم بەیانکرد دەردی دڵ
چۆن دڵت هات؟ تیری ئەبرۆت، پێی بکوژی (کاوە) کەت.

سەرم سەوداسەری عیشقێکی پاکە
لە ڕێت دەمرم، ئەتۆ پێ بزانی چاکە
دە وازبێنە، لە مینگە و بۆڵە بۆڵت
بە (ماچ)ێکی وەرە و دەردم دەواکە.

* * *

کە زانیم دەردەکەم سەختە
گوتم: دکتۆر دەبێ چیم بێ؟
گوتی: دەردی تۆ هیجرانە
شیفای تۆی لایە گەر ئەو بێ.

وەکو ڕۆژی ڕووناک، هەڵهات لە من ڕووت
خودا شوکر، وەلاتـنا دڵــڕەقی زووت
لە من وابوو ئەبەد، ناگـــــەم بە ئاوات
کە دەمزانی بەجێدێ قەولی پێشووت

* * *

کە گوڵم دایە دەستی گوڵ
گوڵ، شەرمەزاریی لێ چۆڕا
لە ئاست گوڵی بەرامبەری
ئاڵای هەڵکرد، هەر زوو دۆڕا.

به فرمێسکم بزانە چەند خەمینم
دڵم دەکوڵێ لەدووری تۆ، بە دینم
نییە باکم ئەگەر ڕۆژێ مەرگ بێ
بە مەرجێکی کە ڕوخسارت ببینم

* * *

ڕۆژی ڕووت هەڵنایە بۆچی، وا لە من گرتوویە تەم
شادی ڕۆیی لەم هەوارە، جێ هەوارم بۆتە خەم
تا هەبووی، شادییش هەبوو، عیشقیش هەبوو
تازیە بارم، گەر دەپرسی، دڵ پڕی دەردو ئەلەم.

ئەی (خەزاڵی) شۆخ و شەنگم
کوا عیلاجم بمگەنێ
سەیری زامی ئەو دڵەمکە
مرد، بەتیری (چڵکنێ)

* * *

ترسم هەیە، تادێیتەوە
مەرگ بێت و یەخەم بگرێ
دەکەواتە زوو وەرەوە
بابتبینم و دڵم نەمرێ.

گوشادت کرد دڵی تەنگم کە هاتی
ڕەواندت خەم، نەجاتتدام لە ماتی
هەناسە سوار، شپرزە خۆم لە تاوت
کە تۆ هاتی یەخەی بەردام (نەهاتی).

* * *

(دەردی دووری زۆر گرانە)
بۆیە دەڵێم، بێ تۆ دەمرم
هەر ساتێکم بێ بوونی تۆ
مردنێکە، بەرگەی ناگرم.

ئەگەر ڕۆحم دەکێشی فەرموو بیبە
جەفای زیاتر مەبەخشە پێم لە ژینا
چلۆن وایە (ڕەقیب)م خۆش بکەی پێم
فریبی دام، دڵی ئەو پڕ لە قینا.

* * *

کزەی جەرگ و هەناسەن ئەو گوڵانە
جێگەی وانە لە ناو گۆشەی دڵانە
لە سایەی خوێندنە، ڕۆژی ڕووناکتان
نەزانینو نەخویندن دوو بەڵانە.

تەماشای قامەتی یارم
تەمەن تواوە لە (تاو)انی
شەوی تاریکی ڕۆشن کرد
کە هات و سەری هەڵهانی.

* * *

داگیری کردووە خەیاڵم
ئەو هەمیشە دێ و دەچێ
لەشکری هێنایە سەر دڵ
قەستی کوشتنە پێدەچێ
هەرچی تیر و نەشتەری بوو
دێن، لە جەرگم ڕادەچێ.

ماچێکم دەوێ ئازار بشکێنێ
داخی سەر دڵم هەرەس پێبێنێ
ماچێک لەو لێوە وەک شیفا وایە
هەزار دەرمان و دەرزی دەهێنێ.

* * *

وشەو ڕستە و پەیڤی جوانم
لە گوڵدانێک دەنەخشێنم
گەر تۆ هاتی، یان من هاتم
لەگەڵ گوڵدان، سەری ڕێزم دادەنوێنم.

بەدیار چاوەڕوانی تۆوە
ڕۆژانی تەمەن دەژمێرم
هەرچی وشەو شیعری جوانە
دەیکەم بە گوڵ، بۆت دەنێرم.

* * *

(پێنج خشتەکی
لەسەر بەیتە شیعرێکی (هێمن موکریانی)
خودا بۆ کێ بەرم فریادو دادم
نییە ڕۆژی ڕوناک، زۆر بێ مرادم
بەجێیهێشتم لە کێوان و لە (واد)م
(ئەگەرچی ڕۆیی قەت ناچی لە یادم
دەکەم یادت بەیادی تۆوە شادم)

سەیرکە ڕۆژی ڕووت چۆنە
لە من تارە کە هەڵنایە
عەجەب دوورم لە ڕوخسارت
دەڵێ هەردێم و قەت نایە.

* * *

بۆ وەی مەست بم
پێک لەسەر پێک دەخۆمەوە
تا لە دنیای مەستی و خەیاڵ
ڕاستگۆیی خۆم دەدۆزمەوە.

## ژن

ئەی مەزنترین مەخلوق
ئەی جوانترین کائینی (خوا)
ژینی بێ ژن پڕ لە ژوارە
هەم دین دێنێ و هەم دین دەبا.

* * *

هەرچەند دەکەم، جوانێ نییە
تا سەرنجم رابکێشێ
هیچیان ناگەن بەو ئەوینەی
یەکەمجارو ئەوەی پێشێ
هەرچەند جارێ دەیبینمەوە
دڵ ئاخی خۆی هەڵدەکێشێ.

## پێنج خشتەکی لەسەر بەیتە شیعرێکی فاتیحی باوک

پیرو پەککەوتەو کەنەفتم، عومرەکەم لێژ بۆتەوە
دەردی دووریت پیری کردم، ناوی خۆم بیر چۆتەوە
سەد شوکر لوتفی کەرەم کرد، ئەو دڵەم گەنج بۆتەوە
(هێند لە مێژە دوور لە تۆمە، هەقتە تانەم لێ بدەی
چاوەکەم، پێم وابوو بۆ من، مەیلەکەت سارد بۆتەوە.)

* * *

عاشق نابم بەچاوی کەس
چونکە بەشم هەر سووتانە
دڵم هەرگیز ئۆقرە ناگرێ
لە تاو ئازار هەراسانە.

پیرو پەککەوتەو کەنەفتم
عومرەکەم لێژ بۆتەوە
دەردی دووریت پیری کردم
ناوی خۆم بیر چۆتەوە
سەد شوکر لوتفی کەرەم کرد
ئەو دڵەم گەنج بۆتەوە.

* * *

تۆ دەزانی ئازاری ڕوح
چەندە بە ژوارو بەسوێیە
هەچەند جارێ دێیتە یادم
زامێکی ترم خانەخوێیە

دڵم مەشکێنە بۆ ماچێ
بە چاوی تۆ, بەمەرگی من
چی تێ ناچێ.

* * *

هێندە هۆگری عیشقت بووم
ناوی خۆشم بیر چۆتەوە
مەستی بادەی نازەنێنم
مل بە تەوق و کۆتەوە.

من تینوێتیم بە تۆ دەشکێ
چ ڕۆژگارێکی سپڵەیە
لە بیابانێکی پڕ سەراب
لێو بۆ ماچت پڕ تاسەیە.

* * *

داباریوە بەفری تەمەن
کوێستانی سەری داپۆشیم
ئەم ڕۆژگارە نەفرەتیەش
زوخاوی زۆری پێ نۆشیم.

بالٚندەیەکی کۆچەریم
بێ لانە و پەسار و (پەنا)
جیا لە دڵت هیچ شک نابەم
ئەویش نەبێ دەمرم (دەنا).

* * *

ئەوەندە بێ فرۆفێڵ هاتە بەر چاو
لە چاوانی غەرق بووم کەوتمە ناو داو
سەرم سوڕما، لە سیحرو مەکرو نازی
وەکو قاتڵ دەکوژێ ڕۆژی سەدان پیاو

نامەوێ دووربم لە باڵات
هاتووم بڕنم باخی سێو
شەکرە سێون باخی سینەت
ناسکن دەخورێن بە لێو

* * *

قەتماغەی کردووە برینی جەستەم
نوزەیەکم دێ، بەڵام بە عاستەم
بەدیداری تۆ، بە(لایک) و نامەت
دەیڕەوەێنیەوە، شەکەتیو خەستەم.

یەقین زانیم، کە دەمکوژی بە نازت
نەبووم حاڵی لە پەنهانی نیازت
پەشێوە دڵ وەکو زوڵفی پەشێوت
قەسەم دەخۆم بەجوانیتو بە نێوت.

* * *

ببینە چۆن تەمەن تواوە وەکو (مۆم)
دەبێ بگریم، لەبەر تۆ و هەم لە بۆخۆم
لە دەست ڕۆژگاری سپڵەو پێ نەزانا
نە بوو لانەم، ژیاوم هەر وەکو دۆم.

سەرم مەستی خەیاڵی چاوی کاڵە
بەبێ بادە سەرم خۆش و خەیاڵە
کە ونبێ چاوەکەت من بۆچی باشم
دڵ و دینم لە سوێی چاوت بەتاڵە

* * *

بەتیری غەمزەکەت ئەمڕۆ بەتاڵان چوو سەرو ماڵم
لە بێ کەسیو لە بەدبەختیم، ئەوە هەرتۆی لە خەیاڵم
دڵێکم بوو بەغارەت چوو، دەبێ کێ بێتە هاوارم
دەرم بێنێ هەتا نەمرم کەوا کەوتووی سیا چاڵم

مەستم لە عیشقت
تا دێی خەم دەخۆم
لە چاوەڕوانیت
شین بووم لە جێی خۆم.

* * *

قاتییە سۆزت لە عیشقم، زۆر کەنەفتم چاوەکەم
من گەرەکمە، هەرچی پێتەپێم ببەخشە چاوەکەم
دڵ دەلەرزێ گەر دەبینم، بە ژنو باڵات، نازەنین
لوتفی تۆ بۆ من دەوایە، بۆم بنێرە چاوەکەم.

جگە لە تۆ کەس ناتوانێ بێتە هزرم
خەون و خەیاڵم داگیرکا
هەرچی بیری بۆگەن هەبێ
وەلام ناوە
(جیا لە (زەردەشت) و (ئاڤێستا)

* * *

مەگرە (سێرە)ی تیری نازت، مەمکوژە
چی لە دڵ کەم، تۆی دەوێ دەی مەمکوژە
چاوی کاڵو، خەندەکەت بەسمە دەنا
دەبیە قاتڵ، عیشقەکەی خۆت مەمکوژە

هێندە مەچۆ بەر پەنجەرە
با ئاهی عاشق نەتگرێ
خەمی تۆ بوو پیری کردم
دەردو حەسرەت بتگرێ

* * *

ئەی شیرینتر لە هەناسەم
ئەی ئەو شۆخەی بۆ دیدارت
پڕ ئاوات و پڕ لە تا سەم
تۆ هەتوانی تۆ برین و
تۆی ناونیشان وپێناسەم

چلۆن سارێژ دەبێ زەخمم، تەمەن چوو
لە دنیادا گوڵێکم بوو، ئەویش چوو
کە دەمبینی وەها مەحزون و ماتم
نییە هیوا، نییە ڕێگەی نەجــاتم

* * *

هەڵدەڕێژم ئەشکی سوورم خەم دەخۆم
هەڵدەکێشم ئاخ و داخم هەر دەڕۆم
چارەڕەش بوومە، لەسەر تۆ نازەنین
شاخ نەماوە, دەشت نەماوە، بۆی نەڕۆم

هەزاران جار وتت دێم و نەهاتی
کە هاتی، هەر نەهاتبای بۆ دەهاتی
وە ژوارت خست برینی زۆر لە مێژم
یەخەی گرتووم بەرم نادات نەهاتی

* * *

گەردنم بۆتۆ حەڵاڵە  کوا پەتی سێدارەکەت
چەند دەمێکە چاوەڕێتم، کوا وەفاو بڕیارەکەت
من لەبەر بێ مەیلی تۆیە، وا دەکەم شینو گرین
مەیلی تۆ بۆ من دەوایە، جێ مەهێڵە شارەکەت

ئا لەم سەرماو ڕێبەندانە
جیا لە سینەم
کوێی تر هەیە
کوورەی گەرمت بۆ دابخا
جیا لە دڵم
شوێنێک نییە
وا بە فەرمی فەرشی سوورت بۆ ڕابخا

* * *

زۆر دەترسم تادێیتەوە
تەمەن جوانیت بژاکێنێ
دڵی گەرمو میهرەبانت
لە غوربەتا ژەنگ هەڵێنێ

دڵم مەکوژە بە تیلەی چاو لە خۆڕا
دڵی تۆ بوو لەخۆڕا بوو کە گۆڕا
لە ڕووخسارم ببینە حاڵی زارم
لە برینانم چ خوێناوێک دەچۆڕا

* * *

نازو غەمزەی نازەنینم دەمکوژێ مەعلومە لام
پێم دەنۆشێ دەردو زووخاو وا دەزانێ من گەدام
تۆ وەکو قاتڵ بەجارێ ئەو دڵەم بۆ کوێ دەبەی
سوچ وتاوانم بڵێ دەی؟ لەب شەکەر, شیرین کەلام

له داخی دەردی بێ تۆیی
دەبێ هانا بۆ کێ بەرم
سەری کاسم بنێمە سەر
شلکەی ڕانو سینەی نەرم

* * *

دڵم تەنگە ئا لەم شارە
ئەگەرچی دەنگم ناتگاتێ
وەرە هزرو خەیاڵی من
گوڵم تەنیا بۆ یەک ساتێ

دە دەست مەنێ بەڕوومەوە
کە من بوومە خاکی بەرپێت
ئای کە خۆشە بە من ئێژی
ڕێگەم بەردە بڕۆ هەی شێت

* * *

چ شینێکە یەخەی گرتووم
بەرم نادا چ شێواوم
مەگێڕن شین لە بۆ عاشق
لە بێ لوتفی تۆ فەوتاوم
هەدا نادا دڵم لە سوێت
ئەتۆش جارێکی وەرە سوێی
بینایی چاوم کز بووە
دڵم خۆشە دەڵێن تۆش دێی

ئاخۆ کەی بێ
لە مەنزڵێکی چۆڵ و هۆڵ
لەبەر دەمتا ببم بە خاک ببم بە خۆڵ
لەسەر شانمدا نەمێنێ
بارگەی گرانم لە سەر کۆڵ

* * *

کە فەرمانت بە چاوت کرد
تیر و نەشتەر بە کۆ هاتن
سەرم سوڕما لە سوێیانت
دڵ و ئەقڵم بە شەڕهاتن

دڵت شێواندم وەک زوڵفت، پەرێشانە بە یەکجاری
لە دیدارت وەڕەس نابم، لە لێوانت شەکر باری
وەرە بێڵە و لە گەڵتابم، وەکو سایە لە گەڵما بە
دەستێ بگێڕم لە باختدا، کە بگرم سێو و هەناری

* * *

دەردی دڵم بۆ کێ باسکەم
تا خەمی دڵ بڕەوێنێ
هانا و دادم بۆ کێ بەرم
هەواڵی ئەوم بۆ بێنێ!!

لە سیاسەتدا سەدان جۆرین
زۆرچڵکن و ڕەش و بۆرین
بۆیە نابین بە دەوڵەت
چونکە کوردین‌و خۆخۆرین
دڵ تێر نابێ لە دیدارت
پایزە وەرزی تەمەنم
گەر تۆ نەبێ بێ ماڵو
حاڵ و ڕەبەنم

* * *

دڵم ئەمڕۆ وەکو زوڵفت پەشێوە
ئەگەر نایەی، دەبا بمرم لە جێوە
دەڵێن دێت‌و لە ڕێگایە ئەزیزم
نەما ئۆقرەم، دەڵێن وا دێت بەڕێوە

وە کۆ بوونە خەمو حەسرەت بە جارێ
ئەوە شەکرە و لە لێوی تۆ دەبارێ
منیش هاوەڵ لەگەڵ دەرد و خەم و ژان
قەرار وا بوو سەرێکی بێیە خوارێ

* * *

شەش دانگی خاڵی چەناگەت بەسە بۆم
نامەوێ چیتر لە دنیا بۆت بسووتێم وەکو مۆم
بەختی من ڕەش داگەڕاوە هەر وەکو خاڵی ڕەشت
خانە وێرانو هەژارم، بێ نەوام، هەر خەم دەخۆم

که ئێواران زەردە دادێ
ئەمن چاوم چاو لە ڕێتە
دڵم هەستی ڕاگرتووە
چاوەڕوانی دەنگی پێتە

* * *

زۆر پەرۆشم بۆ دیدارت، بە خوای ڕەنگە نەتگەمێ
زۆر خەفەت بارو خەمینم وەک (وەلی)مە بۆ(شەم)ێ
هەرچی عالەم بوون بەجارێ یاری خۆیان دەستکەوت
هەر کوردە ناگا بە مەقسەد، تا هەڵیکا پەرچەمێ

لە بەژنت ڕادەمێنم چەندە بەرزە
کە دەتبینم دڵم دێنێتە لەرزە
وەکو دەروێش لە تەکیەت تۆبەکارم
دیداری تۆ وەکو نوێژ بۆ من فەرزە

* * *

داباریوە بەفری تەمەن
کوێستانی سەری داپۆشیم
ئەم ڕۆژگارە نەفرەتیەش
زووخاوی زۆری پێ نۆشیم

نا مەویٚ دووربم لە بالاٚت دیٚم و دەبمە بـــــاخەوان
تیٚر دەکەم بۆنی دوو سیٚوت، دەبنە توێشووم بۆ شەوان
ڕازی خۆم بۆ تۆ بەیانکەم هەڵبدەم قومێ شەراب
لیٚو و سیٚوت وەک شەڕابن نامەویٚ دەردو عـــەزاب

* * *

## تەمەن

تەمەن دەڕوات
وەکو جاران خۆشم دەوێی
لە چاوانتا خۆشی ژیان
بەدی دەکەم
گۆشەی دڵمت داگیر کردووە
جێم ناهێڵی تۆ هەر لەوێی

پرسەی مەرگی خۆم دەگێڕم
هێند بکێشم چاوەڕوانی
تۆ فەرمووت دێم و نەهاتی
هەر نەهاتی، سەرێکیشت هەڵنەهانی

* * *

نیگاکانت زۆر شت دەڵێن
ڕازی دڵت مەشارەوە
یا هەستو نەستت هەڵڕێژە
یان ملم بکە بەدارەوە

سەری زوڵفت کە شێواوە لەسەر ڕووت
بەهێی زەردت لەسەر سینە وەک یاقووت
پەرێشانی مەکە قوربان کە وایە
ئەمن دەمرم کە وەرگێڕی لە من ڕووت

* * *

تاسە
بۆ دیدارت ڕێگە دەبڕم گەرچی سەختە دۆڵو لەند
هەرچی دەریای بێ سنوور بێ نامترسێنێ گۆمی مەند
زۆر دەمێکە تامەزرۆمە بێمە کەونە لانە کـــــــەت
ماچی کولْم و ئاوی گەردن پێم دەبەخشێ تامی قەند

شەقارات کردووە جەرگم بەتیری چاوو موژگانت
فیراقت سەختە و گرانە ئەمن شێتم لە سوێیانت
کە تۆ هاتی مووچەش خۆی دێ بۆ گیرفانم
کە تۆ زیز بی ئەویش زیزە, ئەمان دەستم بەدامانت

* * *

(دەڵێم ئەم شارە جێبێڵم سەفەرکەم)
هەموو خۆڵ و قوڕی دونیا وەخڕ کەم
ئەوەی خوێڕی و دزو جەردەی وڵاتە
بە قاپان و بە تەشتانی وەسەر کەم

دێڕی یەکەم هی شاعیری کورد
مامۆستا (جەلالی مەلکشا) یە.

قیبلەکەم گۆڕاوە بۆت، نوێژی عیشقت بۆ دەکەم
کۆڕی زیکرو فیکرم، ئەم شەو، تەهلیلە بۆ تۆ دەکەم
بمکوژە و بمرم بەجارێ با نەجاتم بێ لە ناز
من دەبینی سازوبازم تۆش بەڕیتمێکی نەشاز

* * *

کە دەتزانی نەخۆشم و من لەسەر جێم
نەهاتی هەر نەهاتی هەر وتت دێم
کە من چووم و لە دووریت گۆڕ غەریب بووم
بە من چی هەر دەڵێی دێم و بڵێی دێم

لەداخی دەردی بێ تۆیی
دەبێ هانا بۆ کێ بەرم
سەری کاسم بنێمە سەر
شلکەی ڕان و سینەی نەرم

* * *

شین
دڵم هێندە خەفەتبارو خەمینە
لە دووریتدا خەریکی گەرمەشینە
کە دەتزانی دڵی تەنگم ئەوایە
وەرەو جارێ پەرۆشی من ببینە

خەدەنگی چاوەکەی بازی منی شێت کرد بەبێ نازی
منی ساوا لە عەیشقتدا، دەواز بێنە لە دەستبازی
هەموو عومرم بە تۆ بەخشی، ئەتۆش لوتفت نەبوو جارێ
لە من مەعلوم و ئاشکرا، لەگەڵ منداڵ دەکەیت بازی

* * *

سڵاوت لێ عەزیزی دڵ، دەپرسی گەر لە ئەحواڵم
نەخۆش و پیرو پەککەوتەم، لە کونجێکم لە ناو ماڵم
بەسەردانت، بەپرسینت، بە کۆمێنتک بپرسە لێم
بیناییم کزبووە ئێستا، ئەوەندەی پێم بڵێی هەردێم

خەم یەخەی گرتووم، بووە بەهاوڕێم
بۆهەر کوێ بڕۆم ، دەڵێ منیش دێم
دائیم شەڕمانە، یەخەم بەر نادات
هاوار بەماڵم، من دێوانەی کێم؟

* * *

ڕوحمێ نییە لە دڵتا ، دڵت ژەنگی لێداوە
لە جیات سۆز و ئەوینت، دڕک سەری هەڵداوە
جاران مەیدانی دڵت، هەوارگەی باسەفا بوو
ئێستا سێدارەی حوکمت داخستوە بۆ(کاوە)

چاوم لە ڕێتە واوە بێی
دڵ نەخۆشی عیشقی تۆیە
جا دەبێ کەی بێتە سوێــی؟

* * *

بەچی خۆشکەم دڵی تەنگم لەپاش توو
تەمەن هاتو بەبێ تۆ زوو بەسەر چوو
هەموو ڕۆژێ لە عیشقت گوڵ چرۆی کرد
نەهاتی هەر نەهاتی تا بە سەرچوو

بەغەمزەی چاوەکەی مەستت، دڵت کردم بە نیشانە
قەرارت دا بژی بۆ من، کە نەشکــێنی ئەو پەیمانە
هەموو عومرم بە تۆ بەخشی، هەتا ببیە گوڵی باخم
کەچی ئێستا، لە دەستت چوو دڵی پەنهانی شێتانە

* * *

سەرم مەستە لە ڕوخسارت، عەجەب خۆم
شەتی ئەشکم بە خوڕدێ، هەروەکو چۆم
خودا چیبکەم، سەرم سوڕما لە کارت
قەدی ئەلفم چەماوە بۆت, غەریب خۆم

له بێدەنگی و له بێڕەنگیت دەترسم
له بێ لوتفی و له کەم مەیلیت دەترسم
نەکا ڕۆژێ وەلام نێیت و بڕۆی خۆت
له ئەو دنیاش له ئەحواڵت دەپرسم

* * *

دڵ له داخت حەپسی تۆیه
بۆیه لێم ناگرێ قەرار
بێره سەردانم ئەزیزم
به خەیاڵیش جارو بار

وەرە ساقی بگە فریام کوانێ مەی؟
بێنە تێکە، بۆمی پڕکە تاکو هەی
هەر مەیە هاوڕازی دەردە، چاوەکەم
بۆیە تا دەتوانی تێکە جامی مەی

* * *

بە شەرمەوە لێم دەڕوانیو چاو دەگێڕی
چاوی مەستت وەکو ساقی مەی دەگێڕی

بە هەنگاوی شل, هەناسە بڕکــێ
بتگرمە باوەش، لە زاری دەرکێ
لەلا پەسیوو بن بەردی پاردە
من دڵنیامە دەست نوێژم دەشکێ

* * *

وەرە سۆزتم، پێ ببەخشە
تۆی  هەتوانی زامەکانم
بە سۆزی تۆ دەڕەونەوە خەمەکانم
نیگاکانت زۆر شت دەڵێن
دەبێ کەی بێتە میوانم؟

که دەتبینم لێو بەخەندە
تاسەی دیدارم دەشکێنی
هەرچی خەم و ئازار هەیە
ل ەڕیشەوە دەریان دێنی

* * *

خۆزگەم بەو تیرەت لە جەرگم ڕاچێ
چونکە عیشقی تۆم لە دڵ دەرناچێ
سەرو ماڵیشم فیدای نازت بێ
بە شەرتێ جارێ، ببەخشی ماچێ

بم لاوێنە بەشانمەوەن خەمو غوربەت
ئەوە هەرتۆی بیرەوێنی لە دڵ حەسرەت
چۆن دڵت دێ لە تەنیاییو غوربەتو خەم
هەتیوم کەیت بەجێ بێڵی منی نەگبەت؟

* * *

چاوەکەت مەستە بەبێ مەی دیارە مەیلی مەی دەکا
بخۆوە قوربان بەبێ من دەردەکەت چارە دەکا
هەر مەیە خەم لا دەباتو هاوەڵی ڕازو خەمە
وەرە بینۆشین هەتا هەین ئەو شەرابە کەم کەمە

کۆستم کەوت بە کۆچی تۆ
وەکۆ بوونە کەسەرو خەم
ماڵئاوایت زوو بوو هاوڕێ
لەسەرچاوم نیشتووە تەم
چۆنت دڵت هات بێ ماڵئاوا
جێمان بێڵی
لە یاد ناچی هەتاکو هەم

* * *

بەسیە فیراقی، ویساڵت, چارەیی دەردی منە
جێم مە هێڵە، وا بەرەو کوێ تێک دەنێی بارگەوبنە
بێ بەهانە وا لە پای چی دەمدەیە بەرنەشتەرت
مەمکوژە، خۆ خۆت دەزانی جەرگی من وا کون کونە

عیللەتی عیشقە کەوا من
ڕووتەڵەم بێ بەرگ و جێ
وەک (سیامەند)م لە تاوی
عیشقی بێهوودەی (خەجێ)

* * *

وەرە حاڵم لە تەنیایی بپرسە
لە ناڵین و هەناسەی من بترسە
گەر ڕۆیشتم و چووم وا فەنابووم
دەزانی چەند پەرێشانم مەپرسە

بەسە چیتر پێم مەڕێژە ئەشکی سوورو ئاوی سوێر
حافیزی تۆم موستەهەقم چاو لە دەستم کوانێ خێر؟
لەو هەموو باخی سینەی تۆ کوا بەشی من دڵبەرم؟
کوانێ سەرفترەو زەکاتت بۆمنی حـــافیز وکوێر؟

* * *

نەما عەهدو, نەما شەرتو بەقاکەت
هەموو ڕۆیشت لەژێر چەتری عەباکەت
منت سووتاند، وەکو شەمعی شەوی تار
تەمەن ڕۆیی، لەبەر جەورو جەفاکەت

بەیادی عیشقەکەی جاران
هەموو ڕۆژێ دێمە سەر ڕێت
وەکو جاران بەشەرمەوە
ڕێت پێدەگرم، هەر وە کو شێت

* * *

سەرم سەوداسەری عیشقێکی پاکە
لە ڕێت دەمرم، ئەتۆ پێبزانی چاکە
دە وازبێنە، مەکەو نابێ و حەیام چوو
بە (ماچ)ێکی وەرە و دەردم دەواکە

هەموو ڕۆژێ
بۆ من هەڵەبجەو شەنگالە
مەرگم لێ بۆتە مۆتەکەو
چاوەڕێی فتوای ئەنفالە

* * *

چاوی شینی پر لە مەستیت، دۆزەخی بۆم نایەوە
ناسکی وەک گوڵ لە بەر دڵ دڵی پیر بووژایەوە
تۆ نەبای ئەو دڵەی من زۆر دەمێک بوو مرد بوو
بوویتە خوناوی بەهارو باخی ژینم ژیایەوە

پەیوەست مەبە بەعیشقی من
زوخاو لە دڵمەوە دەتکێ
وەکو جامێ بە دەستەوەم
نەبا ڕۆژێ, لە ناو لەپت دڵم بشکێ

* * *

بەدیار چاوەڕوانی تۆوە
تەمەنیشم دەتوێتەوە
ترسم هەیە، تا تۆ دەگەی
ناوی خۆشم بیر چێتەوە

وەرە تێکەڵ بکەین بسک و سمێڵم
بە سەد ساڵییش لەگەڵ تۆدا جحێڵم
بە قوربانی دەکەم ڕۆژی هەزارجار
هەزار خوێڕی لە قەوم وخزمو خێڵم

* * *

لە تاو عیشقت، دڵم پڕ پڕ لە زامە
تۆ (ئاغا)ت کرد، ئەمن دۆڕام لە دامە
کە مەیلت بێ و لە ئەحواڵم بپرسی
ئەتۆ (شا) بە، منیش لای تۆ (گەدا)مە

به ڕوو زەردی بەجێت هێشتم
بارگەو بنەت لە کۆڵ ناوە
زووخاوی زۆرت پێ چێشتم
بەسەر شۆڕی هەنگاوی نا، نەگەڕاوە

* * *

ئەم شەو دڵم بێ تۆیی زۆر پێوە دیارە
چۆن دڵت هات، کاولی کەی ئەم هەوارە
دڵم بەرگەی دووریت نا گریێو بگەڕێوە
کە تۆنە بی دە با وێران بێ ئەم شارە

ماوەیەکە گرینۆک بووم
ترسم هەیە لە عاشق بوون
هەر فرمێسکەو چیرۆکێکە
ئەوانیشم لێ یاخی بوون
قوڵپی گریان وەک هەمیشە
بەردەوامە لە هاتوو چوون
پێم دەبەخشن سووکنایی دڵ
خەم ڕەوێنن فرمێسکی ڕوون.

* * *

خاڵییە بـادەم بە تاڵـە تەرکی عیشقت با نەکەم
من کە خۆم خستە مەترسی کوا لەبەر تۆ ڕا دەکەم
هەرچی دەرد و جەوری تۆ بوون دای ڕزاندن ئەو دڵە
دەی وەرە تۆ چاکـــەیەک, بێنە پڕکە بادەکـــەم

بێ تۆ تەسکینی دڵ نایە
تەماشای قەلبی مەکسوورم
دەبارێ ئەشکی خوێنینم
نزیکیش بی هەر لێت دوورم

* * *

لە شیعرێکی تەڕ دەگەڕێم
گیانی تینووم ئاوداتەوە
بۆ تەمەنی چوو لە خۆڕا
کەسێ ئاوڕم لێ داتەوە

یار سەری هێناوەتە سویّ
پێم دەڵێ سەد مەرحەبا
دەتدەمێ ماچێ بە شەرتێ
ئەگەر وەکوژێ کارەبا

* * *

کە چاوانی تۆم لێ دیارە
گڕو تینم دێتە بەرێ
هێندە شاگەشکەو خەنی مە
وەختە دڵم بێتە دەرێ

نامەوێ دووربم لە باڵات
بێنن ئاورم بەر دەنێ
مردنم خۆشترە هەزار جار
نە وەک من بژیم بە تەنێ
مەیلی تۆ ساردە بە جارێک
بۆیە چوومە بەندەنێ

* * *

من بەبێ مەی مەستی تۆمە
تورم دان بادە و شەراب
بێنە تێکەڵ کەین هەناسە
بەسیەتی تاکەی عەزاب
ماچی لێوت وەک دەوایە
ماڵ وێران خانە خەراب

کاتی دڵتەنگیم،
خەیاڵم دێتە لات
چوون شەمی من
خەم ڕەوێنە
ماتەمی دڵ لادەبات

***

کلی کلدان کە دەخشێنی لە چاوت
دەکێشن ئاخ هەزار عاشق لە تاوت
کە دەیژێنێ بەپەنجەی ناسکی مەشکێ
لە سوێیانی هەرچی ئازارە دەشکێ

گوڵم مانگیش لەتۆ دەچێ
چون گەشاوە و جوان و بەرزە
هەر چەند جارێ دەر دەکەوی
دڵم ئۆقرەی لێهەڵدەگرێ دێتە لەرزە

❊❊❊

کاتی دڵتەنگیم،
خەیاڵم دێتە لات
چوون شەمی من
خەم ڕەوێنە
ماتەمی دڵ لادەبات

هەتا هەم چاوەڕێتم، هەر دوو دیدەم
لە روح زیاتر، نیمە هەتاکو بیدەم
ئەویش بۆ تۆ، خەڵاتە بیبە هانێ
وەرە سەر رێ، دڵڕەقیەکەت وەلا نێ



کۆتایی

| | | |
|---|---|---|
| اقليم كوردستان - العر<br>رئاسة مجلس الوزراء<br>وزارة الثقافة والشباب<br>المديرية العامة للمكتبات ال<br>شعبة ايداع الكتب | Kurdistan Regional – Iraq / Council of Ministers<br>Ministry of Culture & Youth – G.D. of Public Libraries | هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان<br>بەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان<br>هۆبەی سپاردنی کتێب |

العدد: ٢٨٢٦ /گەلارێزان/٢٧١٩ كوردی ٢١

التاريخ / ٢٨ /١١/ ٢٠١٩

بۆ/ چاپخانەی دەرەوەی هەرێم

ب/ ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی ساڵی ٢٠١٩ درا بەم کتێبەی کە لە خوارەوە ناوی هاتووە لە چاپخانەکەتان
چاپ بکرێت بە تیراژی (١٠٠٠) دانە بۆ کتێبەکە، بە مەرجێک (٥) دانە بۆ بەشی سپاردن ڕەوانە بکەن.

لەگەڵ ڕێزماندا....

| ژمارە | ناوی کتێب | نووسەر/وەرگێرانی | بابەت | ژ سپاردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شیعری - دیوانی ماچ | کاوە عبدالرحمن عبدالکریم | شیعر | ٢٥٢٦ |

سەرباز جەوهەر محمد
ج/بەڕێوبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
٢٠١٩/١١/٢٨

ـرەوە، دەقەکەی لە پەڕەی دووەمی کتێبەکە وەکو خۆی دادەنرێت، بەشێوەی سکان.
ـک پابەند نەبێت بەناردنەوەی (٥)دانە لە کتێبەکە، جارێکی تر ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.

v.kurdistan@yahoo.com
– Erbil – Behind MOCY
هەولێر – شەقامی کوردستان – پشت وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
ـبیل – شارع کوردستان – خلف وزارة الثقافة و الشباب